گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنەی ژن لە دیدی کۆمەڵگەی کوردیدا لە "شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد"دا
# بە پێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری

**زانیار زیاد ابراهیم**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین, ڕانیە, هەرێمی کوردستان عێراق.
Zanyar.zyad@uor.edu.krd

**صافیە محمد ئەحمەد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین- ڕانیە- هەرێمی کوردستان عێراق.
safya.kurde@uor.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٢٢
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
کولتوور، ڕەخنەی کولتووری، سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، پیرەمێرد، ژن

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.6

## پوختە

کولتوور وەک هێزێکی کاریگەر و دیار لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکدا - هەژموون و باڵادەستییەکی بەهێزبووە، بەتایبەت لە کۆ سەرەتاییەکاندا لە ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵدا بە گرنگ و سەرەکی بووە، لەم نێوەندەشدا ڕۆڵ و پێگەی ژن لە ناو گ دنیادا لە گۆڕان و بەرزی نزمی دابووە، کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر ن لەو دید و تێڕانینە جیاوازانە، کە پتر تێڕوانینەکان نەرێنین، ئەستورن بە دەستور و بنەما کولتوورییەکان، ئامانجی ئەم توێژینە دەستبردنە بۆ ئەو نەزمە شاراوانەی، کە دەقی ئەدەبییان ت لەناویشیاندا پەندی پێشینان وەک بەرهەمێکی میللی و فۆلکۆر بەرهەمی تەواوی چینەکانی کۆمەڵگەیە، هەڵماڵینی دە کولتوورییەکانە لەسەر شیعرەپەندئامێزەکانی پیرەمێرد، کە لە پاڵ ڕووکەشدا کۆمەڵێک سیتەمی کولتووری بوونیان هەیە پڕ

سوکایەتی و شکاندن و کەمکردنەوەی ڕۆڵ پێگەی ڕەگەزی مێینە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(وێنەی ژن لە دیدی کۆمەڵگەی کوردیدا لە " شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد"دا بە پێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری)، میتۆدی توێژینەوەکە پشت بە بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری دەبەستێت، کە تیایدا جەخت لەسەر دەرخستنی واتای نادیار دەکاتەوە، دەست بۆ نەزم دەبات لە بری واتای ڕووکەش، گرنگی نادات بە لایەنە ئیستاتیکییەکانی دەق و زیاتر خۆی لە قاڵبی ڕەخنەیەکی ئۆپۆزسیۆنیدا پیشاندەدات، خۆی بەدووردەگرێت لە پێداهەڵدان و سەرسام بوون بە دەق، توێژینەوەکە خۆی لە دوو بەشدا دەبینێتەوە، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمکی کولتوور و چەمکی ڕەخنەی کولتووری کراوە، بەشی دووەم تایبەتە بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری لە چوارچێوەی شیعرەپەندئامێزەکاندا، هەوڵدراوە لە چەند خاڵێکدا بەشێک لە دید و تێڕوانینە کولتوورییانە بخرێنەڕوو کە لە پاڵ ئەدەب و پەند و داناندا خۆیان مەلاسداوە، ڕەتکردنەوەی دەستەڵات و بەڕێوەبردن لەلایەن ژنان، باسکردن لە بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ژنان زەقکردنەوەی دیوە نەرێنییەکانی ئەم کۆبوونەوانە، بێ بەشکردنی ژنی بێهاوژین لە دەسپێکردنەوەی ژیانێکی دووبارە، وەک سیستەم گەلێکی کولتووری بوونەتە هەوێنی لە دایک بوونی بەشێک لە شیعرەپەندئامێزەکان.

## 1.پێشەکی

ڕەخنەی کولتووری وەک میتۆدێک دوای بوونیادگەری وەک پەرچەکردارێک لە دژی بەشێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە دنیای ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا لەسەر دەستی (ڤینسێنت لیچ) سەری هەڵدا، پاشان لە ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتیدا و بەتایبەت لە ئەدەبی عەرەبیدا جێ پەنجەی (عەبدوڵلا محەمەد غەزامی) وەک سەرمەشقێک بە ڕوونی دەرکەوتووە، بە ئامانجی کار کردنی لەسەر دەقی ئەدەبی لە میانەی واتا شاراوە و توێکڵەواتا کولتوورییەکانی پشت دەق وەک هۆکاری نووسینی دەق سەرنج خراوەتە سەریان، لایەنگرانی پێیان وایە دەقی ئەدەبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمی کۆمەڵگەیە ناکرێت بەرهەمێک لە دایک بێت و بەدەربێت لە کولتوور. "ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕەخنەی کولتووری لە چوارچێوەی شیعرەپەندئامێزەکانی "پیرەمێرد"دا، ئەوەی جێگای بایەخ و ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە "پیرەمێرد" خاوەنی سەرجەم ئەو پەندانە نییە و بەشێک لە گوتاری پەندەکان بەدەرن لە ئایدیۆلۆجیا و دنیابینی پیرەمێرد، دەشێک کۆکردنەوەی ئەم پەندانە وەک سامانێکی نەتەوەیی لە خەمی لەناوچوون و پاراستنیان بووبێت، هەر ئەوەش پاڵنەری دارشتنەوەیان بووە لە قاڵبی شیعردا.

پەندی پێشینان سەرچاوەکەی هەرکێیەک بێت ڕێکەوتنێکی کۆدەنگی لەسەر دروست بووە لە کۆمەڵگەکاندا پەسەند کراون، زۆرینەی لێکۆلەرەوانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە پەندی پێشینان سەرچاوەکەی بۆ ئەدەبی فۆلکۆر و میللی دەگەڕێتەوە.

**2.1. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (وێنەی ژن لە دیدی کۆمەڵگەی کوردیدا لە " شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد"دا بە پێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری)**، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنەرێنیانەی لە پاڵ کولتووردا بوونەتە بەربەست لەبەردەم ژن و پێگە و دەستەڵاتەکانیان، کە لە شیعرە پەندئامێزەکاندا ڕەگیان داکوتاوە.

**3.1 . پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** سێ تەوەر لە خۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمکی کولتوور کراوە بە شێوەیەکی گشتی، لە تەوەری دووەمدا چەمکی ڕەخنەی کولتووری ڕونکراونەتەوە، لە تەوەری سێیەم و کۆتایشدا بە شێوەیەکی کرداری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی پەندەکاندا دیاری کراون، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتە ڕوو.

**4.1 .چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە باسی کولتوور و ڕەخنەی کولتوورییەوە دەستپێدەکات و بە جێبەجێکردنی پێودانگەکانی ڕەخنەی کولتووری لە چوارچێوەی شیعرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەندئامێزەکانی "پیرەمێرد"دا، کە لە سێ بەرگ پێکهاتوون ژمارەیەک نووسەر کۆیان کردوونەتەوە و لە ساڵی(٢٠١٩)دا چاپی چوارەمیان کردووەتەوە کۆتایی پێدێت.

**5.1 .ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە (میتۆدی ڕەخنەی کولتووری) وەرگیراوە، وەک میتۆدێکی وەسفی هەوڵدراوە چەمکەکان بناسێندرێت و پاشان بەشێوەی کردەیی سیستەمە کولتوورییەکانی پشت شیعرە پەندئامێزەکان دیاریکراون.

**6.1.پرسیار و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** چەند پرسێک لەبارەی ڕەخنەی کولتووریی و سیستەمە کولتوورییەکان(نسق) بوونیان هەیە، ئامانجی جەوهەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای ڕەخنەی کولتووریی و چۆنیەتی پراکتیزە کردنی، هەروەها زانین لە بارەی چییەتی سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت شیعرەپەند ئامێزەکان، هەریەکێک لەم پرسانە بەشێکی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

## بەشی یەکەم/ کولتوور و ڕەخنەی کولتووری

### 1.2 تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کولتوور:

لەڕووی زارەوەییەوە ڕەگ و ڕیشەی کولتوور دەگەڕێتەوە بۆ (Culturs)ی لاتینی، کە بەواتای کشتوکاڵ و داچاندن هاتووە، ئەم زاراوەیە لە زمانی (ئیتالی)شدا هەمان زاراوەی لاتینی بۆ بەکاردێت، بەکار هێنانی ئەو زاراوەیە لای ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (پانزەیەم) لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی(Civilization)ی بۆ بەکار هاتووە، (ئاشوری ,٢٠١٣, ١٣). لە زمانی فەرەنسیدا (Cultura)ی بۆ بەکار هاتووە، لەلایەن نووسەرانی وەک (فرەنسیس و بەیکۆن و تۆماس هۆبز) بەکارهێنانی چەمکەکە هەوڵی گواستنەوەی دراوە لە واتای کشتوکاڵ و داچاندن بۆ بواری ژیار و شارستانیەت و بوارە کۆمەڵایەتییەکان. (خضر ,٢٠٢٢, ١١). لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (التراث) لە کرداری (ورثة)، وەرگیراوە واتا هەموو ئەوشتانەی منداڵ لە باوانییەوە بە میرات وەریان دەگرێت، وەک سامان و نەژاد و داب و نەریت و شتە ماددی و مەعنەوییەکان. (سلام ,٢٠١٠, ١١). لە زمانی عەرەبیدا زاراوەکە بە هەردوو واتای ڕۆشنبیریی و کولتوور دێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها زاراوەکانی (ثقافة، ثاقف، تثاقف)یشی بۆ بەکاردیت، واتا وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی تاک یان کۆمەڵ. (بەرزنجی ٢٠٢٤, ٤١٣). لە زمانی ڕوسیدا زاراوەی(cultura) و لە زمانی ئەڵمانی زاراوەی (Kultur) بەواتای کۆمەڵێک پەیرەو و پرۆگرامی ژیانی مرۆڤ و ئەو بەها کۆمەڵایەتی و جڤاکییانەدێت، کە خەڵکی کۆمەڵگەیەک لەسەری دەڕۆن. (اسمي ٢٠٠٨, ١٦،١٧).

کولتوور لە زمانە نوێیەکاندا بە واتای (Pattrinnoine-Heritage) واتا هەموو ئەو سامانە بەنرخانەی (کەلەپوری هونەر)، کە لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانەوە پێمانگەیشتووە، زاراوەی (hwritage) لە ڕووی مانای خوازەییەوە بەواتای دابو نەریت و سامانی هەر شارستانیەتێک دێت. (عابد ١٩٩١, ٢٣)، زاراوەی کولتوور لە زمانی کوردیدا بە واتای (ئاوەز، عەقڵ، زانیاری و زانست و گەیاندن)هاتووە. (موکریانی ١٩٩٩, ٦٦٥). ئەم زاراوەیە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لەم نێوەندەشدا خزاوەتە ناو زۆرێک لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئەدەبییەکانیش، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا لە بازنەی ڕەخنەییدایە، لە دەرخستنی کاریگەرییە کولتوورییەکان لە سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبیدا مەزرێندراوە.

کولتوور بە درێژایی مێژوو گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، لە چاندنی کشتوکاڵەوە گۆڕاوە بۆ بوارەکانی دابو نەریتی کۆمەڵگە و پەروەردە و هونەر و شارستانیەت، لە جیهاندا هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت بۆ هەموو کاروبارێکی بۆ ناوخۆی خۆی بگەڕێتەوە، هەر لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤ زوو یان درەنگ بەو ڕاستییە گەیشتووە، کە پێویستی بە تێکەڵاوبوون و فرە کولتووری هەیە، ئەگینا بەرەو بچوکبوونەوە و لەناوچوون دەچن، بوارەکانی بەکارهێنانی زاراوەی کولتوور لە ئەمڕۆدا زۆرن و لە چەندین بواری زانستە سروشتی و کردارییەکان بەکاردێت.

کلۆدی لیڤی شتراوس پێی وایە ( کولتوور و لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بۆ بەر لە دەرکەوتنی زانست و حەقیقەت دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ژیان و گوزەرانی هیندییە سورەکان بکەین بە ڕوکەش سادەن، بەڵام لە بنەڕەتدا خاوەنی کولتوور گەلێکی ئاڵۆزن، ئەمەش بەو واتایەی کولتوور مەرج نییە بەڕووکەش خۆی بنوێنێت، بەڵکو بە واتا و مەبەستی قووڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەکانی دەچەقێنێت، بە جۆرێک تێگەیشتن لێیان هەروا ئاسان نییە.) (ئیبراهیم ٢٠٢٣, ١٧٢). کولتوور وەک لانکە و کەشتی ژیانە ڕێبەری مرۆڤ دەکات، لە بەردەوامی و چۆنیەتی بەردەوامیشدا، ئاوێتەبوونی ئەو ڕەهەندە بە مێژوو، ئایین، فەلسەفە، ئەدەب و هونەر، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، سیاسەت، ئاکار و گوفتار، شێوازەکانی ژیان بەسەربردن ئاماژەن بە بەهێزی کولتوور و پێگەکەی لە سەر تاک و کۆمەڵدا. هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ و دروستبوونی ژیان لەسەر هەسارەی زەویدا و هەوڵدانی مرۆڤ بۆ بەردەوامی و مانەوە چ بە شێوەی تاک و چ بە کۆمەڵ، کولتووریش لەگەڵیدا پەیدابووە هاوشانی ژیان و کار و کردارەکانی ڕێگای کردووە، نەوە دوای نەوە ئەو کولتوورە پارێزگاری لێکراوە و تێکەڵ بە ئێستا و داهاتوو و ڕابردووی مرۆڤایەتی بووە، بۆنموونە مرۆڤ کاتێک لە ژیانێکی زۆر سەرەتاییدا ژیاوە لە ئەشکەوت و کێوە سەختەکاندا کۆمەڵێک کولتووری تایبەتی خۆی هەبووە، وەک چۆنیەتی خۆپاراستن لە مەترسییەکان و چۆنیەتی ڕاوکردن و چۆنیەتی بەردەوامیدان بە ژیان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ مردووەکانیدا، ئەمانە هەمووی کولتووری بەرەبەیانی مرۆڤایەتین، تاوەکو ئەمڕۆش بەشێک لەو کولتوورانە لە پەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراون و هەندێکیشیان پیادەدەکرێن و بە گۆڕانکاری و بە دەستکارییەکی کەم و زۆرەوە. ((هەر میللەتێک و هۆزێک دابونەریتی خۆی هەیە و لەسەر هەندێ ڕێو شوێنی دەڕوات و دەست بەرداری نابێت)) (گەردی ٢٠٠٤, ٣٣٠)، ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمانی کۆن و چاوێک بە ژیان و نەریتەکانی مرۆڤی کۆندا بخشێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەوانیش لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیان بوون، بۆ نموونە چۆنیەتی ناشتنی مردووەکانیان کاتێک کەسێکیان مردووە، هەوڵیانداوە بە باشترین شێوە تەرمەکەی بشارنەوە، جەستەی لە ئاژەڵە دڕندەکان پاراستووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری بازنەی کولتووری

## 2.2. تەوەری دووەم/ چەمکی ڕەخنەی کولتووری:

ڕەخنەی کولتووری وەک هەر یەکێکی تر لە داهێنانە هزرییەکانی مرۆڤ خاوەنی میکانزم و فەلسەفە و تێڕوانێنێکی تایبەت بە خۆیەتی. سەرهەڵدان و هاتنە کایەی وەک فەلسەفە و زانستەکانی تر خواست و پێداویستییەکی گشتی و تایبەتی بووە، لایەنگر و هەوادارەکانی هۆکاری سەرهەڵدانی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو بۆشاییەی لە پانتایی بەشێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بوونی هەبووە، کەئەمەش وایکرد ڕەخنەی کولتووری وەک میتۆدێکی تازە سەرهەڵبدات، لەو سەروبەندەدا لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان لە زۆرێک لە بوارە جیاجیاکاندا لە ڕۆژئاوادا ڕەواجیان پەیداکردبوو، ڕەخنەی کولتووری وەک پێویستییەکی بەهێز هاتە کایەوە بۆ خوێندنەوەی دەق لە ژێر هەژموونی دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، دەروونی، دابو نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبارەی زاراوەی ڕەخنەی کولتووری لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Cultural Criticism) (الشرماني ٢٠١٩, ١٤)ی بۆ بەکار هاتووە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (النقد الثقافي) (الخليل ٢٠٢٢, ٧)، لە بەرامبەردا بەکار هاتووە. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (نقدی فرهنگی) (وند ١٣٩٨, ٣٠) و هەروەها لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری)، (بەرزنجی، ٢٠٢٤, ٢١٢)، و (ڕەخنەی کولتووری) (نووسەر ٢٠٢٣, ٥) بۆ بەکار هاتووە. لە هەریەکە لە کتێبەکانی، (کلیلدان، ٢١٢، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ٣٠١، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠)دا ئەم چەمکە بە (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) ناسێندراوە، ئەگەرچی لە ناو لێکۆڵینەوەکاندا زاراوەی (ڕەخنەی کولتووری) زیاتر ڕۆشتووە و ئاستی بەکارهێنانی زیاترە بەو پێیەی زاراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە (لیتش) زاراوەی (Cultural Criticism) ی بەکار هێناوە، بەڵام زاراوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی بە ڕەخنەگرە عەرەبەکان، لای ئەوان زاراوەی (النقد الثقافي) بەکار هێناوە، کە دەروازە و دەستپێکی ئەو بەکارهێنانەش بۆ ڕەخنەگری عەرەب (عبدالله محمد الغذامي) دەگەڕێتەوە. ((لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی ڕەخنەی کولتوریدا، بایەخدانێکی چڕ نییە بە هونەر و کۆمەڵگەکان، بەڵکو هەوڵی هاوسەنگی دەدات لە نێوان ئەدەب و کولتووردا.)) (لیتش ٢٠٠٠, ١١٨)، ئەم تەرزە ڕەخنەییە هەوڵی لایەنگیری نادات لەنێوان زاڵکردنی ئەدەب بەسەر کۆمەڵگە، یاخود سڕینەوەی ئەدەب، بەڵکو لە ڕێگای تێپەڕاندنی واتای ڕووکەشی دەق و پەلهاویشتن بۆ سیستەمە شاراوەکانی پشت واتای دیاری هەر دەقێکی ئەدەبییە، دەستبردن بۆ دەقە پەراوێزخراوەکان، هەوڵی تێپەڕاندنی بەشێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانە لە ڕێگای دەرهێنانی ڕەخنە لە ژێر هەژموونی نووسەر، زمان، ڕەوانبێژی، پیاهەڵدان بە لایەنی ئیستاتیکی، لەسەر دەستی چەند نووسەر و بیرمەندێک سەریهەڵدا، وەک چەکێکی کاریگەر لە مەڕ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەق و دۆزینەوەی فاکتەر و پاڵنەرەکانی پشت لەدایکبوونی هەر دەقێکی ئەدەبی. ((بەشێک لە لێکۆلەران بابەتی سەرهەڵدان و دەروازەی ڕەخنەیی کولتووری بۆ ڕەخنەگری ئەمریکی (ڤینسینت لیچ) دەگەڕێننەوە، ئەو ڕەخنەگرە بە سەرمەشق و پێشەنگی ئەو چەشنە لە ڕەخنە دادەندرێت لە جیهاندا، ڕەخنەی کولتووری ڕەخنەیەکە جەخت لە بەرهەمی ڕۆشنبیری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەی پەیوەندییەکان بە چەمکی بوارە مەعریفییەکانەوە دەکات.)) (بەرزنجی ,٢٠٢٤, ٢١٢) لەلایەکی تریشەوە بەشێک لە لێکۆلەران سەرەتای ئەم چەمکە دەگێڕنەوە بۆ نووسەری ئەلْمانی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ئەو لە ساڵی (١٩٤٩) وتارێک دەنووسێت بە ناونیشانی (ڕەخنەی کولتووری و کۆمەڵگە)، لە وێدا ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی میتۆدە ڕەخنەییەکانی تا کۆتایی سەدەی نۆزدە دەکات، پێیوایە کاری بەشێک لە میتۆدە ڕەخنەییەکان تەواوبووە، یانیش لە بازنەیەکی چەق بەستووی بێ بەرهەمدان.

((بەو پێیەی ئەو میتۆدانەی سەر بە ڕەخنەی ئەدەبی سیمایەکی بورژوازییان هەڵگرتووە، دوورکەوتونەتەوە لە گیانی ڕاستەقینەی ڕەخنەگرتن، پتر بە دوای ڕووداوکاری و فۆرمی بابەتەکاندا دەچن، ئادۆرنۆ پێیوایە دەبێت کاری ڕەخنە فراوانتر بکرێت و هەموو ڕەنگ و شێوە و چەشنە ڕۆشنبیرییەکانی تێدا بەکاربێت، ڕەخنە بە قووڵی پڕۆسە بکرێت.))(ئەسوەد، ٢٠١٥, ٢٠١). ئەم بۆچوونەی ڕەخنەگری ئەڵمانی ئادۆرنۆ، کە خۆشی یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) لێدانێکی ڕاستەوخۆیە لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ئەو وای بۆدەچێت ڕەخنەی ئەدەبی نەک هەر کاری خۆی ناکات، بەڵکو ڕەخنەیەکە چینایەتی دروست دەکات و کار بۆ هەموو دەقێک و هەموو چینەکانی کۆمەڵگە ناکات، وەک چۆن ئەدەبی (کلاسیکیش) بەر هەمان خەتا کەوتووە، کە تەنیا ئەدەبی چینی باڵابووە و بەس.

(عەبدوڵلا غەزامی) ئاماژە بەوە دەکات ڕەخنەگری ئەمریکی ڤینسێنت لیچ یەکەم کەسە" کە دەستەواژەی ڕەخنەی کولتووری بە مانا (پۆست- ستراکتورالیست) پێشنیار کرد، هەروەها پڕۆژە ڕەخنەییەکەی خۆی بەم ناوە ناوبردووە، کە هاوواتای زاراوەی (پۆستمۆدێرنیزم) و (پۆستستراکچەرالیزم) لیتش ڕەخنەی کولتووری لەسەر سێ بنەما داناوە:

١- ڕەخنەی کولتووری بە ڕووی (دامەزراوەی کولتووری نوخبە) پەراوێز، لاوەکی، دەقە سادەکانیش دەکرێتەوە، لە ڕووی گوتار و دیاردە کولتوورییەکانەوە، ئەم ڕەخنەیە خۆی پابەند ناکات بە پۆلێنکردنی دامەزراوەیی گوتارە ئەدەبییەکان، ئەو ڕەخنەیە سەرجەم دەقەکان لەخۆدەگرێت" کە بە ڕەتکردنەوەی عەقلانیزمی ڕۆشنگەری و بێباکییەکەی بەرامبەر بەو ڕەوتانەی باوەڕیان بە بوونی بناغە ڕەهاکان هەیە بۆ هەر شتێک. (راغب ,٢٠٠٣ ,٥٥١)

٢- ڕەخنەی کولتووری میتۆدی مێژوویی و تیۆری لێکدانەوە سنووردار دەکات و هەروەها سودیان لێوەردەگرێت، هەڵوێستێکی کولتووری ڕەخنەگرانە و شیکاری دامەزراوەیی هەیە. (البازعي ٢٠٠٢, ٣٠٨)

٣ – ((ڕەخنەی کولتووری لە بنەڕەتدا سەرنجی لەسەر سیستەمی گوتار و سیستەمە شاراوەکانی دەقە هەوڵی ئاشکراکردنیان دەدات، وەک چۆن لە ڕەخنەکانی (بارت و دریدا و فۆکۆ)دا هەیە، بە تایبەت ئەو وتەیەی جاک دریدا: "هیچ شتێک لە دەرەوەی دەق نییە"، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەق دەبێ نەخرێتە ژێر کاریگەری واتاکانی دەرەوەیەوە، سیستەمە کولتوورییەکان بەشێکن لە پێکهاتە و ناوەوەی دەق.)) (الغذامي ٢٠٠٥, ٣١،٣٢).

(ڤینسێنت لیچ ) دەڵێت: ((جۆرە ڕەخنەیەکە، کە بونیادگەری و پاش بونیادگەری، نوێگەری و پاش نوێگەری تێدەپەڕێنێت بەرەو ڕەخنەیەک کە سۆسیۆلۆجیا و مێژوو و سیاسەت و کاری دامەزراوەیی بەکاردێنێت بە بێ ئەوەی دەستبەرداری میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ببێت)) (خەلیل ٢٠٢٣, ٢١٣)، لەلایەکی تر (ئارثەر ئیزا برجر) بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی کولتووری دەکات: ((ئەم ڕەخنەیە بە یەک شێوە لە چەندین بواری کولتووری دەکۆڵێتەوە، بەڵام بە تەواوەتی کردە هزرییەکان، بوارەکانی شوێنەوارناسی، تیۆری دەروونناسی، تیۆری مارکسی، کۆمەڵایەتی و ئەنرتۆپۆلۆجیا ڕووندەکاتەوە لە نێو دەقی ئەدەبیدا)) (ایزابرجر ٢٠٠٣, ٣٠)، ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی دنیای پۆستمۆدێرن میتۆدێکی کۆکەرەوەیە، کە توێکاری دەق دەکات لە هەموو لایەنەکانی و تەنیا بایەخ بە دەق نادات وەک فۆڕم یان ناوەڕۆک یاخود فۆڕم و ناوەڕۆک، بەڵکو جوگرافیا و کات و ساتی سەرهەڵدانی دەق و لایەنی دەروونی دەقنووس و مێژووەکەش و پاڵنەرەکانی پشت نووسینی دەقیش بە هەند وەردەگرێت؛ بۆیە لەم ڕێگایەوە واتا لە دەرەوەی دەق بەرهەم دەهێنێت و ئەو ڕایەڵە ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵناسییانەی هەر کۆمەڵگەیەک دەردەخات، کە هۆکاری پشت بەرهەمهاتنی دەقن.

(ڕەخنەی کولتووری بریتییە لە ڕەخنەی سیستەمی کولتووری، کار دەکات لە بارەی گوتاری کولتووری بەگشتی، گوتاری کولتووری ئەدەبی بە تایبەتی، ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە شەستەکاندا لە ڕۆژئاوا گەشەی کردووە، کە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری دەستی پێکرد( Cultural

Studies)، کە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەکات لە چوارچێوەی کولتووریدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەند و فاکتەرە کولتوورییەکانی دەقی ئەدەبی.) (الشرماني ٢٠١٩, ١٢)، ڕەخنەی کولتووری ڕەخنەیەکە مەبەستدارە و کارێکی ئامانجدار ئەنجام دەدات، ئەویش گەڕان و پشکنینە بۆ سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت دەقی ئەدەبی، دیارە هەموو دەقێک کە بەرهەمدێت چەندین فاکتەری دەرەکی و ناوەکی ڕۆڵدەگێڕن لە بەرهەمهاتنیدا، کولتووریش وەک فاکتەرێکی کارا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەو نێوەندەدا.

ماوەتەوە بڵێین کە ڕەخنەی کولتووری ڕەخنەیەکی ئۆپۆزسیۆنییە، دژی هەموو ئەو سیستەمە کولتوورییانە دەوەستێتەوە کە لە سۆنگەی دەقی ئەدەبیدا ڕەگیان داکوتاوە، یەکێک لە ئامانجەکانی ڕەخنەی کولتووریش دەقە پەراوێزخراوەکانن لە بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆر، میللی، پەندی پێشینان، ئیدیەمەکان، حیکایەت و سەرگوزشتەکان، بەهەموو شێوەیەک خۆی بە دوور دەگرێت لە پێداهەڵدان بە نووسەر، ئیستاتیکا، لایەنی ڕەوانبێژی و زمانی دەق.

ئامانجی یەکەمی ئەم میتۆدە دەستخستنە سەر ئەو ڕەگ و هەژموونە کولتوورییانەیە، کە لایەنگرانی ئەم میتۆدە پێیانوایە بەشێکن لە ژینگەی لە دایک بوونی دەقی ئەدەبی و ژێرخانێکن بۆ هاتنەکایەیی دەق لەوانەش (کولتوور، داب و نەریتەکان، سوکایەتی کردن بە مرۆڤ و ئافرەت، چینایەتی و ڕەتکردنەوەی ئەویدی...هتد.) هەریەک لە سەرمەشقەکانی ڕەخنەی کولتووری (فینیسێت لیتیش، عبدالله محمد الغزامی) جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە کولتوور وەک نووسەری دووەم یاخود سێبەری نووسەر ڕۆڵی هەیە لە داهێنان و نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی.

## 3. بەشی دووەم/ تێڕوانینە کولتوورییەکان بۆ ژن لە چوارچێوەی شیعرە پەندئامێزەکانی "پیرەمێرد" دا:

ژن یاخود ڕەگەزی مێینە بە گشتی وەک بوونەوەرێک خاوەن پێگە و ڕۆڵێکی گرنگە لە ژیاندا، وەک دایک و خوشک و هاوژین و هاودەم بە شێکی سەرەکی ژیانە و درێژە پێدەری مرۆڤایەتییە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕەگەزی نێرینەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە درێژایی مێژوو ژن خاوەن پێگە و بوونێکی جێگیر نەبووە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ڕۆڵ و پێگەکەی لە گۆڕاندا بووە، لە بەشێکی کۆمەڵگەکان بە تایبەت لە کۆندا کەوتوونەتە بەر لێشاوی چەوساندنەوە، بگرە لە کولتووری نەتەوەیەکی وەک (عەرەب) بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لە دایکبوونی منداڵی مێینە مایەی شەرمەزاری و سەرشۆڕی بووە، هەر ئەو هۆکارەش بووەتەهۆی زیندەبەچاڵکردنی مێینە، کە ئەوپەڕی دڕندەیی و چەوساندنەوە بووە بۆ ژن. خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (التکویر)دا لە ئایەتەکانی (٨-٩)دا فەرموویەتی ((وَإِذَا الْمَوْؤُدَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ)) (التکویر:٨-٩).((کاتێکی کیژی زیندە بە چاڵکراو پرسیاری لێکرا، بە چ تاوانێکەوە کوژرا؟ هێشتا لەسەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە کچان لەلایەن ئەوانەوە کە بڕوایان نەهێنابوو هەر زیندە بەچاڵ دەکران، تەنها بە تاوانی ئەوەی کە کچن!!)) (مەحمود: ٢٠٠٩، التکویر) ئەمە گوتەی قورئانی پیرۆزە نمایشی ئەو ساتەمان بۆ دەکات، کە چۆن و چەندە بە بێویژدانانە منداڵێکی بچکۆلەی بێتاوان تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکەی مێینە بووە زیندەبەچاڵکراوە. لێرەدا کولتوور ڕۆڵێکی زۆر خراپی گێڕاوە، کە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئاڕاستەکردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تاوانێکی لەم چەشنە.

هەڵوێستی کولتوور لە هەمبەر ژندا لە بارودۆخێکی جێگیر و یەک ئاڕاستەدا نەبووە، (پێگەی مێینە بە پێگەیەکی پەراوێز دەبینێت، کە پیاوان ئەو ڕۆڵ و پێگەیان بۆ خۆیان داگیر کردووە، بۆ نموونە هونەرمەند (ئاڤانگارد) پێیوایە پیاو سالاری ڕەمزێکی توندی کۆمەڵگەکانە و ژن نەک هەر ڕۆڵ و پێگەی نەماوە بگرە وەک مێینەیەک ڕەگەزی نێرینە بەکاری دەهێنێت و هەتا لە پرۆسەی خواستی هاوسەرگیریشدا.) (خلیل ٢٠١٤، ١٠٦). لە ژێر کاریگەری کولتوور و تێڕاونینە نەرێنییەکانی کۆمەڵگەکان بۆ ژن بێگومان چەندین دەقی ئەدەبی لە سەرانسەری جیهان بەرهەم هاتوون، ڕەخنەی کولتووریش بە ڕژدی پێداگری لەسەر دەرخستنی هەموو ئەو تێڕامانە نەرێنییە کولتووری و گوتار و تویێکڵەواتایانە دەکات، کە بەناوی دەقی میللی و پەند و حیکمەت و دانایی بوونەتە ڕەنگرێژی ئاکار و گوفتارەکانی تاک و کۆمەڵگەکان.

((ژن لە دێر زەمانەوە توشی چەوسانەوە بووە، زانایان و لێکۆڵەرەوەکان سەرەتای چەوساندنەوەی ژن دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی بەندایەتی، ئەو کاتەی پیاو بنچینەی کۆمەڵگە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، ژن بووە بە دیلی چوار دیوار و پیشەی زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و ئیشی ماڵ بووە.)) (ک. موکریانی ١٩٨٠، ٦،٥)، چەوساندنەوە و شکاندی شکۆی ڕەگەزی مێینە وەک غەریزەیەکی پیاوسالاری بووە، لە سەردەمانی کۆندا لە بەشێکی زۆری دنیادا ڕۆڵ و پێگەی ژن تەنیا خزمەتکردنی پیاوان و منداڵ بوون و بە خێوکردنی منداڵ بووە هیچ مافێکی پێنەدراوە، ئینجا ئەم تێڕامانە بووە بە بەشێک لە کولتوور یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کولتوور بریتییە لە بڵاو بوونەوەی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، بێگومان ئەو کولتوورەی کە لە نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە باوبووە بەناو بەشێکی زۆری نەتەوەکاندا بڵاو بووەتەوە بێگومان ئێمەی کوردیش بەدەر نەبووین لەم کاریگەرییانە، سەرباری هەموو ئەوانەش ژنی کورد لە دیدی لێکۆڵەرەوەکان، خۆرهەڵات ناسەکان خاوەن پێگەیەکی جیاوازتر و بەهێزتر بووە لە ژنانی نەتەوەکانی دراوسێمان، لەم بارەیەوە (سێر مارک سایکس) دەڵێت: ((ژنی کورد خۆی ڕزگار کردووە، ڕزگار بوون لە بەهایەکی بەرزەوە، کە بەشێک بووە لە داینەمۆ و بیر و باوەڕی کۆمەڵگەکەی خۆی)) (ش. کریم ٢٠١٩، ٢٩٠) ئەم چەشنە لە پیادا هەڵدان و تێڕامانە لەمەڕ ژنی کورد گەواهی ئەوەدەدات کە ژن نەک هەر شیاوی ئەوە نییە بە چاوێکی کەمەوە سەیر بکرێت، بەڵکو وەک بەشێک لە ژیان و شارستانیەت و ئاوەدانی سەیرکراوە. هەروەها (مینۆڕسکی) دەڵێت: ((کورد لەسەرجەم گەلە مۆسوڵمان و نا موسڵمانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر ژن لێبوردە و نەرم و نیان تر بوونە.)) (مینۆڕسکی ١٩٦٨، ٧٤)، ژن لە کۆمەڵگەی کورددیدا بە چاوی ڕێزەوە سەیرکراوە، تاکی کورد ژنی وەک هابەشی ژیان و ئاشتی و تەبایی مامەڵەی لەگەڵ ژندا کردووە، بە بەراورد بە گەلانی دیکەی ناوچەکە تێگەیشتنێکی کراوەتری لەبەرامبەر ژندا هەبووە. سەرەڕای ئەو ڕێز و پێگەیەی کە ژنی کورد لە کۆمەڵگەکەیدا هەیبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر نەبووە لە تێڕاونینە نەرێنییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەیدا، هەروەها دەقی ئەدەبیش نەیتوانیوە خۆی خاڵی بکات لە هەژموونە کولتوورییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## یەکەم/ ژن و دەستەڵات

سیاسەت پیشەی ئاغای بێ ڕیشە
بۆیە گەلێ پیاو بێ ئیش و ڕیشە
زۆر ڕیش و سمێڵ تاشراو وەک ئەوان
خۆزگە ڕیش ئەبوو بە مۆدەی ژنان
ئۆخەی ژنان بوون بە گەورەی گەڕەک
ئەبێ دەستەی تر بچنە بەر خەڕەک
ئینجا هەندێکیان چۆنی دەڕێسن
لەگەڵ گوێچنە بەرزە بلێسن (ف. کریم ٢٠١٩، ٩٩)

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە دەستمان بەو ڕاستییە دەگات، کە سەردەمانی زۆر سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەرەوە و ناوەوەی ماڵیش لە دەستی ڕەگەزی نێرینەدابووە پیاوسالاری مۆرکی زۆرینەیی میللەتان بووە لە ڕابردوودا، بێگوومان میللەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر بەو قۆناغانەدا گوزەری کردووە، لەم دەقەدا کۆمەڵگە دیدێکی نەرێنی بۆ ژن هەیە.

پێی وایە ژن نابێت دەستەڵاتی هەبێت، نابێت بەشداری کاروباری تەنانەت گەڕەک و شارەکەی خۆی بکات، هێز و کارزانی پەیوەستکراوە بە ڕیش و سمێڵ کە ئەمانە بەشێکن لە سیمای پیابوون لە کولتووری ئەوسادا، سیستەمی کولتووری پشت ئەو دەقە ئەوەیە، کە دەستەڵات بوون بە دەست ژن مایەیی کەمییە، دژایەتییەکی زەقی هەموو ئەو پیاوانەش دەکرێت کە بە کاروبارەکانی ژن ڕازین، پیاوبوون واتا هێز و دەستەڵات و مەردایەتی و ڕیش و سمێڵ، ژن بوونیش واتا لاوازی و چوارچێوەی ماڵ و قسە و قسەلۆک و خۆشباوەڕی. ((پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد ڕوو مەترسی دارەکەی ئەو پەندانە پڕن لە نایەکسانی ڕەگەزی، زەقکردنەوەی چینایەتی و ماکیازی عەقڵیەتی خێڵەکی کوردەوارین.)) (ج. خەلیل ٢٠٢٣، ٧٨)، ئەگەرچی پیرەمێرد کە تاکێکی دنیادیدە و خوێندەوار بووە، هەڵگری بڕوانامەی (یاسا) بووە خاوەن قەڵەمێک بە بڕشتی ئەدەبی و سەرمەشقێکی کاریگەری گەشەکردنی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بووە، سەردەمانێکی زۆر لە ئەستەمبول ژیاوە چەندین کاری کارگێڕی و پلە و پۆستی بە ئەنجام گەیاندووە لە ژێر هەیمەنەی دەوڵەتی (عوسمانی)دا، بەڵام ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێڕوانینە نەرێنیانەی بۆ ڕەگەزی مێینە دەرخەری ئەوەن، کە کولتوور خاوەن هەژموونێکی بەهێزە دەرچوونی تەواوەتی تاک کارێکی ئەستەمە لە بازنە کولتوورییەکاندا، ئەگەرچی خاوەنی بڕوانامە و پێگە و پۆستی باڵاشبێت.

((لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا دەستەڵاتی نێرینەو هەقایەتی داسەپاوی ئەم دەستەڵاتە، دەبێتە ئەسڵێکی حاشاهەڵنەگری کولتووری، ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسانی دەوروبەر دەبێت.)) (یەعقوبی ٢٠٠٨، ٣٥)، کولتووری پیاوسالاری بووە بە ناسمانەی بەشێکی دەقە ئەدەبییەکان و کاریگەرییەکانی خۆی لە هزر و داهێنانەکانی تاک و کۆمەڵدا مەزراندووە.

ئەوەتا لەبارەی دەستەڵات و هێز کەوتنە بەردەستی ژن لە دەقێکی تردا دەڵێت:

کە ژنان دەستیان گەیشت بە کوتەک
پیاوان ناچارن بچنە بەر خەڕەک
هەلهەلەی کچانمان هەڵکەوت
سەرداری گەرەک وە بێسەر کەوت ( کریم ٢٠١٩، ١٩٢)

پەیام و سیستەمی کولتووری پشت ئەم دەقەی سەرەوە ئاڕاستەی ئەوەمان دەکات، کە کولتوور و خواستی پیاوسالاری زاڵ هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوەدانین ژن دەستەڵاتی هەبێت، هەمان ئەو بۆ چوونەی (کریستاڤ) لێرەشدا دووبارە دەبێتەوە، کە پیاوان ژنان نەک هەر بەهاوبەشی ژیان و دایک و خوشک و هاوسەر و کچ نابینن، بەڵکو بە ڕەگەزێکی دژی خۆیان دەبینن و پێیان وایە، کاتێک ژن دەستەڵاتی هەبوو لە هەمبەر پیاوان توندوتیژ دەبن، ئەوەش پەیامێک ئاڕاستەی ڕەگەزی نێرینەدەکات، کە ڕێگا نەدەن ژن هیچ دەستەڵاتێکی هەبێت و بەڵکوو دەبێت هەمیشە سنورێکی بۆ دابندرێت.

((کولتوور بێگوناح نییە، بەڵکو بەشدارە لەپشت بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ هەر شتێک کە هەمانە، ئەوە بە تەنیا ئێمە نین دەپەیڤین بەڵکو کولتووریش لەگەڵ ئێمەدا دەپەیڤێت، پەیڤین پرۆسەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو کولتووریش تیایدا بەشدارە.)) (لطیف ٢٠٢٢، ١٠٠)، ئەو تێڕوانینە پشتڕاستی ئەو شرۆڤەکارییە دەکاتەوە کە دەوترێت، کولتوور لە پاڵ نووسەری دەقدا وەک سێبەری نووسەر یانیش نووسەری دووەم ڕۆڵ پێگەیەکی بەهێزی هەیە،

لایەنگرانی ڕەخنەی کولتووری کۆکن لەسەر ئەو خاڵەی کە کولتوور و داب و نەریتی هەر نەتەوەیەک هۆکارە بۆ ئافراندنی دەق.

## دووەم/ ژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:

شایی شایی کەر لۆغەی دراوسێ
لە تازییەی ژنان سەرم دەئاوسێ (کریم ٢٠١٩، ١١٤)

ئەم دەقە باس لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ژنان دەکات، تیشک دەخاتە سەر ڕاستییەک، کە بووە بە سیما و ناسنامەی کۆڕ و دانیشتنەکانی ژنان ئەویش قسەکردنی زۆر و پەرشووبڵاوبوونی ئاراستەی کۆبوونەوەکە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم دەقە لە ڕوانگەی سیستەمە کولتوورییەکان زیاتر مەبەستدارە، کە لە پشت گوتراوی ئەم دەقە سەرنجەکان دەگوازێتەوە بۆ سوکایەتی بە ڕەگەزی مێینە، سیستەمە کولتوورییەکان ئەوەمان پێدەڵێت ئافرەتان تەنانەت لە پرسە و بۆنە خەمناکەکانشدا ناتوانێت بێدەنگبێت و ڕێساکانی بۆنەکان پشتگوێدەخات، پرسە کە بۆنەیەکی خەمناک و پڕ ئازی کۆمەڵایەتییە لەو شوێن و کاتەشدا ژنان لەگەڵ یەکتری قسەدەکەن ناتوانن پابەندی ئاداب و ڕێساکانی پرسە ببن، چونکە لە ڕاستیدا ئەوان بۆ مەبەستی پرسە و نزاکردن بۆ مردوو نەڕۆشتوون، بەڵکو ئامانجیان قسەکردن و خۆ بەتاڵکردنەوەیە لەو هەموو ڕاز و نیازەی، کە لە ماڵی خۆیان هیچ کەسێک گوێی بۆ نەگرتوون. بێگومان ئەو تێڕوانینە کولتوورییە بۆ ژن بە شێوەیەکی گشتی کۆڕو کۆبوونەوەکانیان نا دادپەروەرییەکی تیادا بەدی دەکرێت، چونکە ئەوە هەر ژنان نین لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان قسەی زۆر دەکەن، بگرە ئەو سیفاتە کەوتۆتە سەر لایەنی سایکۆلۆژیی تاک، بەشێک لە پیاوانیش سیفاتی زۆر بلێی و درێژ دادڕی ئامادەیی هەیە. بەڵام لێرەدا و لە دیدی کولتووردا ئەو سیفاتە لە ئافرەتاندا زەقکراوەتەوە وەک نیشانەیەک بۆ بەکەم سەیرکردن و سوکایەتی کردن بە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان و هەر مەجلیس و دانیشتنێکیش قسەی زۆری تیادابکرێت و کەس گوێ لە کەس نەگرێت دەگوترێت: ((ئەڵێی حەمامی ژنانە)) (خاڵ ١٩٦٩، ٣٩). ئەم تێڕامانە کولتوورییە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی ئافرەتان ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لە کولتووری بەشێکی زۆری وڵاتاندا تیشک خراوەتە سەر

کۆبوونەوەکانی ژنان و کە تەوەری سەرەکی زۆرێک لە کۆبوونەوەکان بریتیە لە باس و خواسی زۆر.

((لە بنەڕەتدا کولتووری گشتی هەر نەتەوەیەک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆشبێت لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگەدا خۆی وێنادەکات و تاک دەخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.)) (ئیبراهیم ٢٠٢٤، ٢٤٠)، کولتووری گشتی هەیمەنەیەکی زاڵی هەیە بەسەر هزر و تێڕامانی یەکبەیەکەی تاکەکاندا، هەر ئەم هەیمەنەیەشە وادەکات کاتێک تاکێک لە کۆمەڵگەکەی خۆی کۆچ دەکات و دەچێتە کۆمەڵگەیەکی تر توشی بەریەککەوتنی کولتووری یاخود نامۆبوون دەبێت، ئەم تێڕامانە کولتوورییەش بۆ ژن دەرهاویشتەیی تێڕامانە کولتوورییەکانە بۆ پێگەی ڕەگەزی مێینە.

**سێیەم/ سوکایەتی کردن بە ژن:**

لە حیجاز ناوی نامووس (پەشە)یە

خاتوو ئایشێش لای ئێمە (وەشە)یە (کریم ٢٠١٩، ٨٥)

ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەییەوە سەرنجی ئەم دەقە بدرێت دەتواندرێت لە سۆنگەی وشەکانەوە بەڕوونی هەست بەم سوکایەتییە بکرێت بۆ ژن، ناوی (ئایش) ناوێکی ژنانەیە و لە کوردەواری خۆماندا ژمارەیەکی زۆری ژن ناوی (ئایش)یان لێنراوە، کە خودی ناوەکە لە (عایشە)ی عەرەبییەوە هاتووە، لە پشت ئەو دەقەوە سیستەمێکی کولتووری بوونی هەیە، ئەو دەقە ئەوە دەدات بەدەست، کە ژن لەڕووی عەقڵ و بیرکردنەوە وەک (گوێدرێژ) وایە، ئەو تێڕوانینەش تێڕاونین و ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەرە کە دەڵێت لای ئێمە بە خاتوو ئایشێ دەڵێن (وەشە)، وشەی (وەش، هۆش) چەمکێکە بۆ وەستاندنی گوێدرێژ بەکاردەهێندرێت، بەراوردێکی لە پێگەی ژندا لە کولتووری عەرەبی و کولتووری کوردیدا دروستکردووە، (پەشە) لە فەرهەنگی خاڵد بە واتای (مێشولە) هاتووە، واتا ژن خاوەن پێگەیەکی ئێجگار کەم و بێ بەهایە لە کولتووری عەرەبیدا، ئەوەش ئەوپەڕی سوکایەتیکردن و شکاندنی کەسایەتی ژنە، ئەگەرچی ناتواندرێت پشت لەو ڕاستییە بکرێت کەوا پیرەمێرد دەستێکی باڵای هەبووە لە کۆکردنەوە پاراستنی پەندی پێشیناندا، بەڵام گوتاری بەشێک لە پەندەکان پڕن لە سوکایەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شکاندنی ڕەگەزی، کە ئەمەش کاری ڕەخنەی کولتوورییە ئەم سیستەم و گوتارە بۆ خوێنەر ڕوونبکاتەوە.

تێمای ئەو دەقە ئەوە بە گوێی بیسەر دەدات کەوا ژنیش زۆر جار بۆ سنوور بۆ دانانی دەبێت وەشەی لێبکرێت و زمانی نەرم و قسەی خۆش لەگەڵیدا سودێکی نییە و پێویستە بیشکێنیتەوە بۆ ئەوەی لە سنورێکدا بوەستێندرێن.

**چوارەم/ چاندنی تۆوی ڕق و کینە لە نێوان بوک و خەسودا:**

خەسوو بە خرِکێ، بووکێ بە برِکێ
تێک بەربن شیریان چۆن نا بزرِکێ؟
بالۆرەی بووک و خەسووی گوێ لێ بوو
بۆیە کچەکەی نەئەدا بە شوو (کریم ٢٠١٩، ٣٦٦)

لەم دەقە شیعرەدا دوو سیستەمی کولتووری دژ بە ڕەگەزی مێینە ئامادەییان هەیە:

یەکەم: تێمای دەق خۆی لە گوتارێکی ناڕاستەوخۆدا حەشارداوە کە پەیامێک بە کچ دەدات کە کاتێک شوو دەکات دێوەزمەیەک لەناو ژیانی هاوژینیتاندا بوونی هەیە هۆکاری و سەرچاوەی گرفتەکانە و ڕێگرە لە بەردەم خۆشبەختی و ئایندەتا، کە دایکی هاوسەرەکەیەتی، بەهەرچەشنێک بێت دەبێت هێز و باڵادەستییەکەی لەناو ببەیت و هەژموونی خۆت بسەپێنە، خۆ ئەگەر وانەکەیت ئەوا تۆ دەبیتە ژێردەستەی ئەو دەچەوسێندرێیتەوە.

دووەم:بووک و خەسوو هەرگیز لەگەڵ یەکتریدا ناسازێن، کە ئەوەش حوکمدانێکی بێویژدانانەیە مەرج نییە هەموو بووک و خەسووێک کێشەیان هەبێت، زۆر جار لێرە و لەوێ ئەو ڕاستییەمان بەچاوی خۆمان بینیومانە کە بووک لە کوڕ و کچەکانی باشتربووە بۆ خەسوەکەی و بە پێچەوانەشەوە زۆر جار خەسوو لە دایک میهرەبانترە بۆ بوکەکەی، کەواتا بیویژدانییە کە حوکمێکی گشتی بۆ ئەو خزمایەتییە بدرێت.

ئەو پەیامانە درێژە پێدەری ئەو تێڕوانینە نەرێنیانە دەبن بۆ ژن، چونکە لەو جۆرە پەیوەندییانە تەنیا کێشە لە نێوانی بووک و خەسوودا نەبووە، بگرە زۆر جار هێندەی خەزوور دەبێت بە لەمپەر لەبەردەم گۆڕانکاری و خۆشگوزەرانی خێزانە تازەکان هێز و دەستەڵاتی خەسوو ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەرییەی نییە، بەڵام لێرەدا کولتوور ڕۆڵی نەرێنی خەزووری پەراوێز خستووە، تەنیا خراپی خەسوو پیشان دەدات.

حوکمێکی لەم چەشنە پێش وەختە نا دادیی تیادا بەدی دەکرێت، کولتووری کوردەواری پڕە لە نموونەی جوان و گیانی پێکەوە ژیان ڕێزگرتن و تەبایی خێزانی، زۆر جار خەسوو نەک هەر دۆستی بووکەکەیەتی بگرە دەبێت بە شوێنگرەوەی دایکی سندوقی نهێییەکانییەتی هۆکار و سەرچاوەی خۆشگوزەرانییە بۆ تەواوی خێزانەکە، سەرباری ئەوەیش دایک لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا خاوەن پێگەیەکی گەورەیە و هەم لە قورئانی پیرۆز و هەمیش لە وتەکانی سەروەرمان (محمد) (د.خ) باسی گەورەیی و پاداشتی ڕێزگرتن لێی بە گرنگییەوە ڕوونکراوەتەوە، بەو پێیەی لە دێر زەمانەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش پابەندی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە لەناو زۆرینەی خێزانەکاندا دەست بە بنەماکانییەوە گیراوە، کە ئەمەش ئەو چەشنە لە بڕیاردانە پێش وەختە ئاوەژوو دەکاتەوە، مەرج نیە هەموو خەسوەکان خراپبن و سەرچاوەی نا کۆکیبن.

**پێنجەم/ بەکەم سەیرکردنی ژنی بێهاوژین:**

بێوەژن هەرچەندە خاوەن دراوبێ

تۆ کچ بێنە با، کراسی جاو بێ ( کریم ب١: ٢٠١٩، ٤١)

یەکێک لە دیاردە ناشیرینەکانی کولتوور بریتییە لە ناو ناتۆرەی ناشیرین و شکێنەر، لێرەدا زۆر بە ڕوونی جیاوازی لە نێوانی کچ و ئافرەتی بێ هاوژین (بێوەژن) کراوە، لەم بەراوردەدا سوکایەتییەکی زۆر نارەوا بەرامبەر ژنی بێ هاوژین کراوە جۆرێک لە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئایندە و دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێی، تیرێکی ژەهراوی دەخاتە مێشکی پیاوان و گەنجان کە هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژندا نەکەن ئەگەر خاوەن دراو سامانیش بێت، هاوسەر گیری کردن لەگەڵ کچ گونجاوترە ئەگەر هێندە هەژار و نەداربێت کە جلەکانی بەری لە جاو دروستکرابێت، ئەو جۆرە لە بڕیاردانە تەنیا کولتوورێکی کۆمەڵایەتی کوشندەیە و هیچ بنەمایەکی زانستی و ئاینی نییە، چونکە ئافرەتی بێ هاوژین بەهەر هۆکارێک لە هاوسەرەکەی جیابووبێتەوە مەرج نییە ئەو خەتابار و کارەکتەری تاوانبار و هۆکاری جیابوونەوەکەبێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشێت بە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی بە بێ ویست و خواستی ژنەکە لە پیاوەکەی جیا کرابێتەوە، یانیش دەکرێت لە ڕووداوێکدا هاوسەرەکەی گیانی سپاردبێت، لێرەدا تاوانی بێوەژن چییە؟ بە چ پێوەرێک دەبێت بکرێت بە پلە دوو لە ژیان بێبەش بکرێت؟ لە ڕوانگەی ئاینیشەوە ئەو جۆرە لە تێڕوانینە گوناح و تاوانێکە دەرهەق بە مرۆڤێکی بێ تاوان.

واتای شاراوەی پشت ئەم دەقە بریتییە لە بێ بەهاکردنی ژن و دیاری کردنی سنورێکی قێزەونی کۆمەڵایەتی نادروست لە نێوان بێوەژن و کچدا، ماسکە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە ئەوە بەگوێچکەی ژندا دەدات، کە تۆ ڕەگەزی مێینە تەنیا یەکجار هەلی ژیانت هەیە ئینجا ئەوجارەش دەبێت بەهەموو شێوەیەک لە ژێر فەرمانی پیاوەکەتدابیت و نابێت هیچ سەرپێچییەک ئەنجامبدەیت کە هۆکاربێت بۆ جیابوونەوە، خۆ ئەگەر ئەوە ڕوویدا هاوسەرەکەت لێت جیابوویەوە بەهەر هۆکارێک ئەوە تۆ بەهایەکت نەماوە و هەمان پێگەی جارانی سەردەمی کچێنیت بۆ ناگەڕێتەوە، ئەوەش وا لە ژن دەکات بەو چارەنووسە ڕازیبێت کە بۆی دیاریکراوە بەبێ ویستی خۆی و هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ بۆ مانەوە لە ژێر سێبەر و هەیمەنەی پیاوەکەیدا، ئینجا ئەو پیاوە گونجاوبێت یانیش نەگونجاو.

کولتووری سوکایەتی کردن  بە ژن ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە ناو بەشێکی زۆری میللەتانی دنیادا تاوەکو هەنوکەش لە بەشێک لە ناوچەکاندا ئەم دیاردەیە ئامادەیی هەیە، کە ژن وەک کۆیلە و دروستکراوێکی پلە دوو سەیری دەکرێت، کۆمەڵگەی کوردەواریش بێبەش نەبوو لە پرپشکی ئەو کولتوورە شکێنەرە، ئەگەرچی لە پێشوودا پێگە و شکۆی ژنی کوردمان لە دید و تێڕامانی چەندین نووسەر و ڕۆژهەڵاتناس خستە بەرباس، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کەوا کولتوور و  فەرهەنگی کوردی خالی بێت لەم دیاردە ناشیرینانە بۆ نموونە: ((ئەگەر کچێک شوبکات و مارە نەبڕابێت و دەستگیرانەکەی بمرێ ئەو دەڵێن ئەو کچە سەرەخۆرەیە، زۆربەی کەس ئەو کچە ناخوازێت دەڵێن سەربەگۆبەندە، بەتایبەتی ئەگەر دووبارە ببێتەوە، بەڵام ئەگەر کچەکە بمرێت و دەستگیرانەکەی بمێنێتەوە بە شووم داناندرێت ئەگەر دەجاریش بێت.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٤٦)، ئەم کولتوور و بیر و باوەڕە ئەوپەڕی بێویژدانییە شکاندن و تاوانبارکردنی نارەوایی ڕەگەزی مێینەیە، مەرگ و ژیان بەدەستی خودایە نەک بەدەستی مرۆڤەکان، بۆچی ئەگەر کچێک دەستگیرانەکەی بمرێت بە سەرەخۆرە و سەربەگۆبەند ناوی ئەبەن، بەڵام ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەمان بارودۆخدا کوڕێک دوو بۆ سێ دەستگیرانی بمرێت کولتوور و کۆمەڵگە چاوپۆشی لێدەکەن و ئەو ناو ناتۆرانەی ناخاتە دواوە، بێگومان ئەوە ئاستی ڕۆشنبیری و دنیا بینی کۆمەڵگە نمایش دەکات.




هێڵکاری تێڕوانینە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئافرەت لە پەندەشیعرەکانی "پیرەمێرد"دا.

## ئەنجام

١- هەژموونی کولتوور و سیستەمە کولتوورییەکان وەک سێبەری نووسەر، هەوێنی پشتی هاتنەکایەیی بەشێک لە دەقەکان بە ڕژدی ڕەگەکانیان داکوتاوە، بوونەتە خاڵی یەکلاکەرەوە لە گەیاندنی مەرامە کولتوورییەکان لە قاڵبی ئەدەب و پەند و دانایدا.

٢- لە ژێر هەژموونی کولتووردا دەستەڵات و بەڕێوەبردنی ژن لەلایەن پیاوان ڕەتدەکرێتەوە، وەک گاڵتە پێکردنێک باس لە حوکمداری ژنان کراوە، کە تیایدا ئامانجیان لە قاڵبدانی دەستەڵاتەکانی ژنە لە چوارچێوەی ماڵدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- سوکایەتی پێکردن بە کۆڕو کۆبوونەوەکانی ژنان، وەک سیستەمێکی کولتووری لە بەشێک لە دەقەکاندا مەزرێندراوە، ئەگەرچی ئەم دیاردە لە ڕاستیدا بوونی هەیە، بەڵام زەقکردنەوەی لە لایەن "پیرەمێرد" بە ئامانجی لێدانە لە ئاستی ڕۆشنبیری ژنە لە دیدێکی پیاو سالاریدا.

٤- بەشێک لە واتای نادیاری پەندەکان هۆکارن بۆ بێ بەشکردنی ژنی بێهاوژین لە دروستکردنەوەی ژیانێکی نوێ، بەکەم سەیرکردنیان لە دیدی کۆمەڵگەدا ڕەواجدان بە کچ جۆرێکە لە دروستکردنی چینایەتی لە ناو ڕەگەزی مێینەدا، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ چەوساندنەوە و لە قاڵبدانی ڕەگەزی مێینە.

## سەرچاوەکان:

قورئانی پیرۆز (طه، التكوير)

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**١-کتێب**

بەرزنجی، علی تاهیر، عبداللە تاهیر:( ٢٠٢٤ )کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکە، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

غەزامی, عبداللە محمد:( ٢٠٢٠) ڕەخنەی کولتووری وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مەنهەجی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

فایەق هۆشیار وئەوانیتر: (٢٠١٩)، پەندەکانی پیرەمێرد، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، بەرگی سێیەم، سلێمانی.

موکریانی, هەژاری:( ١٩٩٩)هەمبانە بۆرینە .چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

موکوریانی، کوردستان گیوی:(١٩٨٠)، هۆنراوەی ئافرەتی کوردی، مطبعە کوردستان.

مینۆرسکی:(١٩٦٨)، الاكراد ملاحظات و انطباعات، و/معروف خزندار ، بغداد، مطبعة النجوم.

مەحمود, ئەحمەد کاکە:( ٢٠٠٩) تەفسیری ڕامان، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای تەفسیر.

ناوخۆش، سەلام:(٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ، هەولێر، دەزگای ئاراس.

کۆمەڵێک نووسەر: (٢٠٢٣) .و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، دید و ڕێباز لای غەزامی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

ئاشوری, داریوش:( ٢٠١٣) .و/ ئیبراهیم حەسەن پور، چەمک و پێناسەی کولتوور، موکریان، هەولێر

ئەسوەد, نەوزاد ئەحمەد:( ٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، غەزەلنووستاران، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنووس.

## ٢-گۆڤارە ئەکادیمییەکان:

ابراهیم، ابراهیم محمد و بارزان علی پیرۆت(د):(٢٠٢٤)، ئیکۆفێمینیزم لە دەقە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادە دا دیوانی باخچەکانی مەلەکی تاوس بەنموونەوە، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی٢٨،ل١٥-٤١.

خضر, سیروان واحید،محەمەد و فەرهەنگ مظفر(د):( ٢٠٢٢)، ڕۆمانەکانی(فەرهاد پیربالّ) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کولتوورییەوە، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەلاحەدین بەرگی ٢٦، ژ٦، ل٢٠٥-٢٢١.

خەلیل, جەواد( ٢٠٢٣ .)ڕەخنە لە ژەهری کولتووریی (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەهای ڕەخنەی کولتووری) ".ڕامان، ژ ٣١٤ ٦٨ بۆ ٨٠.

کریم، شەیدا ڕەشید و ئاوات رەحیم محمد:(٢٠١٩)، کولتوور و داب و نەریتی کوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئافرەت لە دیوانە شیعری "ملوانکەی"ی شێرکۆ بێکەسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ٥، ل٢٩٠.

قادر، کارزان موحسین (د.) و ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد:( ٢٠٢٣)،سیانەی ئاین و ژن و مەرگدۆستی لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسی)ی شێرزاد حەسەن لە ڕوانگەی تێۆری ڕەخنەی کولتورییەوە ". ڕەمان، ژ ٥٧ ١٧٢.

## دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

إيزابرجر, ارثر( ٢٠٠٣)، النقد الثقايف متهيد مبديئ للمفاهيم الرئيسية، ت/ بسطاويسى, وفاء ابراهيم و رمضان .قاهرة، طبعة الاولى: ملركز القومى.

خليل, ابراهيم محمود( ٢٠٠٣)، النقد الادبي الحديث من محاكات الى التفكيک ، بيروت. دار السمير.

الشرماني، د.فتحي احمد:(٢٠١٩)، دينامية النسق الثقافي في القصيدة الجاهلية،الاردن، مكتب بيروت.

عابد, جابرى محمد( ١٩٩١)، التراث و الحداثة، معرب، الدار البيصاء المركز الثقافى.

الغذامي, عبدالله( ٢٠٠٥)، النقد الثقافي قراءة في الأنساق الثقافية العربية، ط٣: بيروت الدار البيضاء.

ليتش, فينسنت( ٢٠٠٠)، ت/ محمد يحى، ماهر شفيق احمد،النقد الادب المريكي من الثالثينات الى الثمانينات، مصر، المجلس الاعلى للثقافة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی فارسی**

وند, تورج زینی( ١٣٩٨)، نقد فرهنگی ادبیات تطبیقی از دیدگاه عزالدین مناصره ".قشنامهء علمی، پژوهشی پژوهشهای ئەدبیات تطبیقي، ٣٠.

---

# "The Image of Women in the View of Kurdish Society in 'The Proverbial Poems of Piramerd' Based on the Principles of Cultural Criticism,"

**Zaniyar Ziyad Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya Kurdistan Region Iraq.
Email: Zanyar.zyad@uor.edu.krd

**Safya Mohammed Ahmed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya Kurdistan Region Iraq.
Email: safya.kurde@uor.edu.krd

## Abstract

Culture, as an influential and prominent force within any society, has held a powerful hegemony and dominance. Especially in early societies, it was a significant and fundamental part of organizing the life and livelihood of the individual and the community. Within this context, the role and status of women among the world's peoples have been subject to change and fluctuation. Kurdish society has been no exception to these varied perspectives, which are predominantly negative and supported by cultural conventions and principles. The aim of this research is to investigate the hidden systems that have permeated literary texts, including proverbs as a product of popular folklore created by all classes of society. It seeks to unmask the cultural facades in the proverbial poems of Piramerd, which, beneath their surface meaning, contain a host of cultural systems filled with insults, degradation, and

the diminution of the role and status of the female gender. This research, titled "The Image of Women in the View of Kurdish Society in 'The Proverbial Poems of Piramerd' Based on the Principles of Cultural Criticism," uses a methodology rooted in the principles of cultural criticism. This approach emphasizes exposing hidden meanings, probing underlying systems rather than surface meanings, de-emphasizing the aesthetic aspects of the text, and presenting itself as a form of oppositional criticism that avoids praise or admiration for the text. The study is divided into two parts. The first part discusses the concept of culture and the concept of cultural criticism. The second part is dedicated to the practical application of the principles of cultural criticism within the framework of the proverbial poems. An attempt has been made to reveal, through several key points, certain cultural perspectives that have concealed themselves within literature, proverbs, and wisdom. These include: the denial of authority and leadership to women; the portrayal of women's gatherings and social events by emphasizing their negative aspects; and depriving a woman without a spouse of the chance to start a new life. These very cultural systems have become the formative basis for the creation of some of these proverbial poems.

***Keywords***: *Culture, Cultural Criticism, Social Systems, Piramird, Women*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# " صورة المرأة في رؤية المجتمع الكردي في قصائد المَثَلِيّة "پيرەمێرد" استنادًا إلى مبادئ النقد الثقافي "

**ملخص:**

الثقافة بوصفها قوة مؤثرة وبارزة في أي مجتمع، امتلكت هيمنة وسيطرة قوية، خاصة في المجتمعات المبكرة، حيث كانت جزءًا مهمًا وأساسيًا في تنظيم حياة الفرد والمجتمع وسبل عيشهم وفي هذا السياق، خضع دور المرأة ومكانتها بين شعوب العالم للتغيير والتقلب ولم يكن المجتمع الكردي استثناءً من هذه الرؤى المتنوعة، والتي يغلب عليها الطابع السلبي وتدعمها الأعراف والمبادئ الثقافية.

يهدف هذا البحث إلى تقصي الأنساق الخفية التي تغلغلت في النصوص الأدبية، بما في ذلك الأمثال بوصفها نتاجًا للفولكلور الشعبي الذي أبدعته جميع طبقات المجتمع. ويسعى البحث إلى كشف الأقنعة الثقافية في قصائد المَثَلِيّة "پيرەمێرد" التي تحتوي تحت معناها الظاهري على مجموعة من الأنساق الثقافية المليئة بالإهانات والتحقير والتقليل من دور ومكانة الجنس الأنثوي.

هذا البحث، الذي يحمل عنوان (صورة المرأة في رؤية المجتمع الكردي في قصائد المَثَلِيّة "پيرەمێرد" استنادًا إلى مبادئ النقد الثقافي)، يستخدم منهجية ترتكز على مبادئ النقد الثقافي ويركز هذا المنهج على كشف المعاني الخفية، وسبر الأنساق الكامنة بدلاً من المعاني السطحية، مهملاً الجوانب الجمالية للنص، ومقدماً نفسه كشكل من أشكال النقد المعارض الذي يتجنب المديح أو الإعجاب بالنص.

تنقسم الدراسة إلى قسمين، يناقش القسم الأول مفهوم الثقافة ومفهوم النقد الثقافي، أما القسم الثاني فيُخصص للتطبيق العملي لمبادئ النقد الثقافي في إطار القصائد المَثَلِيّة. وقد جرت محاولة للكشف، عبر عدة نقاط رئيسية، عن بعض وجهات النظر الثقافية التي توارت خلف الأدب والأمثال والحكم، وتشمل هذه: حرمان المرأة من السلطة والقيادة، وتصوير تجمعات النساء ومناسباتهن الاجتماعية من خلال إبراز جوانبها السلبية، وحرمان المرأة التي لا زوج لها من فرصة بدء حياة جديدة. لقد أصبحت هذه الأنساق الثقافية ذاتها هي الأساس التكويني الذي انبثقت منه بعض هذه القصائد المَثَلِيّة.

**الكلمات المفتاحية:** الثقافة، النقد الثقافي، الأنظمة الاجتماعية، پيرەمێرد، المرأة